# ئیسلامیەکان و دەستوور

**تەها ئەحمەد**
tahaahmads@yahoo .com

باس لە گرنگیی بونی دەستوو ناکەم کە چەندە پێویستە بۆ هەر سیستمێکی حکوم رانی لە هەر جێیەکی ئەم سەر زەوییەدا ئەگەر بیەویت سیستمیکی یاسایی بێت نەك خیلٚ گەرا. باس لەوەش ناکەم بۆچی تا ئێستا سەرکردایەتی کورددەستوری پشت گوێ خستبوو بۆچی شەری دەستووری خستە دوای هەموو شەرەکانیتری پارە و نەوت و کورسی و بودجەی سەرۆکایەتی کۆماری؟

ئێستا دەمەویت باس لەوە بکەم بۆچی ویسترا بە پەلە پروزێ دەستور تێ بپەرێنریت و بخریتە کاتێکی وا هەستیارەوە کە تێیدا ماوەی یاسایی پەرلەمان بەسەر چوبێت، کە دەکرا چەند مانگێك بەر لە ئیستا و بەر لە بەسەرچونی وادەی پەرلەمان بریاری لێ بدرایە . دەتوانین بەوانە بلێین کە بەسەرچونی وادەی پەرلەمان بە ئاسایی و بەشەرعی دەزانن و بەرەواشی دەزانن بڕیاری واگرنك و چارەنووس سازی وەهاش بدات ئیتر بۆ چی سەری خۆمان و خەلکیش قالٚ بکەین بە هەلٚبژاردنەوە؟ دەبا بەبێ هەلٚبژاردن هەموو جارێك دەسەلاٚتی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە...

دیارە گەورەترین پالٚنەریش لەم ئیشەدا ئەو ئاماژە یە بوو کە لە دروسبوون و هاتنە پێشەوی ئە ولیستە رکابەرە جدیانەدا هاتە ئاراوە کە هەموو چاودیران پێیان وابوو کە گۆران لەداهاتووی نەخشەی سیاسیی حوکمڕانی هەریمٚی کوردستاندا دروست دەبێت و ئاماژەکانیش دروست بوون و پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزسیونی گەورە لە دەرەوەی هەردوو حزبی دەسەلاٚتدار وەك چوار حزبەکە کە هەردو حزبی بالادەست هەولی زۆریاندا بۆ لەباربردنی بەلاٚم نەیان توانی ، هەروەها گەورەترین سەرئێشە کە لەم هەلبژاردنەدا بۆیان دروست بوو وە لە ناو هەناوی خۆیاندا سەری هەلٚدا لیستی گۆران بوو کە بەهۆی بوونی ئەم دوو لیستە بە هێزەوە مەترسی راستەقینەیان هەست پێدەکرد هەر ئەم مەترسیەگەورەیەش دەستورەکەی پارتی هێنایە ئاراوەو یەکێتیش بەناچاری رازیبوو چوونکە گۆڕان ئیحراجی زۆری لەلای پارتی بۆ دروستکردن ئەوەی رازی نەدەبوو سەرەتا ئیسلامییەکان بوون بەلاٚم کاتێك پارتی ئەو رێگایەی دۆزییەوە تاوەکو ئیسلامییەکانی پێ رازی بکات بە دەستوورەکە دوو سێ ی لێنەکردو بە هەموو ئەو داواکاریانەیان رازیبوو کە چەند وەختە بەو هۆیەوە دەستووری بۆ دواخرا لەمەوە ئیتر ئەو گومانە سەرچاوە دەگرێت کە بۆچی دەسەلاٚتدارانی هەرێم پەلەیان بوو دەستور لەم هەلٚبژادنەدا دەنگی لەسەر بدرێت؟ گومانەکان لە سەر دەستوورە.

## گومانی یەکەم:
## لە پڕ قوت بوونەوەی دەنگدان
## لە سەر دەستوور

تا پێش راگەیاندنی لیستەکان لەلایەن کومیسیۆنەوە هیچ دەنگوباسێکی دەستوور لە ئارادا نە بوو ، خۆ ئەگەر تەنها مەبەست

دەستوورەکەی کەدەڵێن چەند ساڵێکە هەیە ئەی بۆچی چەند مانگێك بەر لە هەڵبژاردن ئامادەکاری بۆنەکرا و پێش ئەوەی پەرلەمان وادەی یاسایی تێنە پەڕێنێت ئەم دەستوورە بڕیاری لەسەر نەدرا بۆ ئەوەی کۆمسیونیش لە ڕووی توانای لۆجستیەوە گرفتێکی نەبێت کە ڕێگربێت لەئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور.

ئەمەش ئەوە دەر دەخات بڕیاری کتوپڕو بێ نەخشەی پێشوەخت دەردی کوشندەی ئەم دەسەڵاتەیە کە بۆ مەرامی تایبەتی هیچ شتێکی موستەحیل نابێت بەر بە خواست و مەرامەکانیان بگرێت، ئەم پەلەکردنە لە دەستور تەنها ئەوەی قازانج بوو کە زۆربەی خەڵکی نەی دەزانی لە ناوەڕۆکەکەیدا چ دیکتاتۆرییەتێك خۆ بەدەستووری دەکات، ئەمەش تاکە مە بەستبوو لە پەلەکردن لە دەستوور. بەڵام هەر سەرەتا کۆمسیون ئەوەی ڕاگەیاند کە پێناچێت بتوانرێت بەو ماوەکەمە ئامادەکاری تەوای دەنگدان لەسەر دەستوور پێبکرێت کە لە دواییشدا هەروا دەرچوو.

### گومانی دووەم:
### دەستوورەکە گۆڕانی جەوهەری بەسەردا هێنرا

ئێستا کەس گومانی لەوەدا نەماوە کە ئەو دەستورەی ویسترا بخرێتە دەنگدانەوە ئەو دەستورە نییە کە پێشتر وەك دەڵێن دوو سێ ساڵە هەیەو بلاوکراوەتەوە و هەمووڵایەك بینیویەتی و ئەم دەستورە گۆڕانکاری بنەرەتی بەسەردا هێنراوە و لە و ماوەکورتەشدا نەدەکرا هەموو خەڵکی لە مەبەستەکانی پشت ئەم دەستوورە ئاگادارین، گرنگترین بنەماش لە دەستوورەکەدا کە گۆڕانی بەسەرداکراوە سیستمی حوکمرانی هەرێم لە پەرلەمانیەوە کراوەتە سەرۆکایەتی و چەندان برگەو مادەی بۆزیادکراوە کە دەسەلاتێکی زۆر دراوەتە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەوەی ئەگەر لە پەرلەمان زۆرینە نەبوون ئەوا تۆڵەی خۆیان لە سەرۆکایەتی هەرێمدا بکەنەوە.

لە کاتێکدا بۆ خۆشیان سیستمی سەرۆکایەتی لە عیراقدا بە هەموو شێوەیەك ڕەتدەکەنەوە.

ئەم مەترسیەشە کە ئیسلامیەکان بە هەندێ مادە پێی ڕازیکران کە دە بوو وەك چۆن سوور بوون لە سەر ئەوەی بە بێ بوونی ئەو مادانە باس لە ڕۆل و پێگەی ئیسلام دەکات ئامادە نە بوون دەنگ بدەن بۆ دەستوور ئاواش ئەو گۆڕانکاریە پڕ ئاریشەیەیان قبول نە بووایە چونکە هەمان ئەو چەکەی ئێستا مەحمود عەباس بەکاری دەهێنێت لە بەرامبەر حەماسدا هەمان شتیش لە داهاتوودا ڕوو بەڕووی ئەمان دەبووەوە ، ئەی نەدەکرا ئەوە لە خۆیان بپرسن ئەوە خێر بوو وا کتووپڕ ئەو دوو هێزە عەلمانیەی کە چەند وەختە ئامادە نە بوون تاکە یەك برگە چییە لەو مادانەی باسی ئیسلام دەکات لە ناو ئەو دەستوورەدابێت کە بۆ هەرێمێکە زۆرینەی موسڵمانە بەڵام لە ماوەیەکی کورتا و بەبێ موناقەشەکردنی ڕازی بوون دەستوورەکە بکەنە دەستوورێکی ئیسلامی ؟!

کە بە بۆ چونی من ئیسلامییەکان لە وڵاتیکی ئەوروپی کە دەستوورەکەی ئیسلامیی نیە ئازاد ترن و دەتوانن کاربکەن و ئامانجەکانیان بەدی بهێنن وەك لە وڵاتیکی وەك میسر و سعودیەو ئێرانی شیعەو ئیسلامیدا کە دەستوورە کەشیان ئیسلامیە بۆ چاو بەستکردن لە میللەت کەچی بە هەموو شێوەیەك بە یارمەتی وڵاتانی ڕۆژ ئاوایی دژایەتی لایەنە ئیسلامیەکان دەکەن.

### گومانی سێهەم:
### مادەکانی دەستورەکەی پارتی

کەم و کورتی زۆر لە مادەکانی دەستوورەکەدا هەیە و مادەی زۆر لە دەستوورەکەدا هەیە کە شایەنی گفتوگۆی چڕو پڕە لەم ماوەیەشدا بابەتی چەند شارەزایەك و نووسەرانی دیارم خوێندەوە کە زۆرێك لە ڕەخنەکانیان لە مادە دەستوورییەکان لە جێگەی خۆیدا بوو من نامەوێت لێرەدا باس لە هەموو مادەکان بکەم تەنها ئەو مادانەنەبێت کە تەنها لە بەر ئەو مادانە دەنگوباسی دەست بەجێ تێپەڕاندنی دەستوور هاتە ناو ناوانەوە.

ئەوانیش زیاتر کە پەیوەندیان بە گۆڕینی سیستمی حومڕانی هەرێمی کوردستانە لە سیستمی پەرلەمانیەوە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی کە خۆی لە دەسەلات و سەلاحیاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا بەرجەستەدەکات، ئەمەش خەونی چەندین ساڵەی ئەو هێزە پاوانخوازانەیەکە خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن کە لەرێگەیەکی یاساییەوە درێژە بە قۆرخکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسانی کورد بدەن لەم هەرێمە بێکەسەدا.

هەر بەتەنها تەماحی ئەم مادەیەش پاڵی بە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێمەوەنا کە ئەم دەستورە نەکڵۆکە بخەنە سەر سفرەی ڕاپرسییە گورگانەکەیان (پرسە گورگانە) کە لە خافڵگیریدا خەشمی خۆیان بەسەر میللەتی نارازیدا بڕژن.

ئیسلامییەکانیش لەوەدا تێکەوتن کە تەماحی چەند مادەیەکی ڕوکەش کە جاران پێیان ڕەوانەدەبینین ڕێگەی نەدان بڕیاری ڕاست و جەرییئانە بدەن کە ببووە مایەی دۆڕاندنی جەماوەرێکی نارازی زۆری شەقامی کوردی کە ئەنجامەکەیشیان بینیەوە ئەمەش بەهۆی دانەپاڵی دەسەلات کە خەڵکی نارازییە لێی یەککگرتنەوەیان لە تێپەڕاندنی دەستوو کە خەتەرێکی گەورەی دروست دەکرد لەسەر داهاتووی سیاسی هەرێمەکە کە ئیسلامیەکانیش لێی بەدەر نەدەبوون.

هەرچەندە ئێستا پەشیمانن بەڵام دەوری نییە و ئەوکاتەش هەندێك تێیاندا هەر نارازیبوون بەڵام دیارە گوێیان بۆ نەگیراوە، هیچ دڵنیایەکیش نییە کە ئەوبرگانە لانەبرێن لە داهاتوودا یاخود هەر زانیویانە کە ناتوانن دەستورێك بنووسن کە پێچەوانەی دەستووری مەرکەزیبێت کە خۆیان دەنگیان پێداوە بەڵام وەك بەخششێك لە بەرامبەر سازشێکدا بە ئیسلامیەکانیان فرۆشتەوەو بەخێربێنەوە!